

### ئافرەتێک لە دووڕیانی چاوەڕوانیدا:

# نازانم چ بڕیارێک بۆ داهاتووی خۆم و منداڵەکانم بدەم

ئافرەتێك كە دایكی سێ منداڵە بە هۆی ناپاكیی هاوسەری شیرازەی خێزانییان تێكدەچێت و دوای راوێژكردن بە چەند توێژەرێك كۆمەڵایەتی هێشتا نازانێت دەبێت چ بڕیارێك بۆ داهاتووی ژیانی خۆی و منداڵەكانی بدات. ئەو بە دوودڵی و نیگەرانییەكی زۆرەوە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە و جەختیش لەوە دەكاتەوە كە هاوسەران جگە لە ناپاكیی هاوسەری، هەر هەڵەیەكی دی بە شایانی لێبووردن و لێخۆشبوون دەزانن، یاساناس و توێژەرێكی كۆمەڵایەتییش لەو بارەیەوە روونكردنەوەی خۆیان دەخەنەڕوو.

گوڵان: كۆمەڵایەتی

شادان ئافرەتێکی تەمەن ٣٩ ساڵەیە و ژنی ماڵەوەیە، وەك خۆی باسیکرد، دایکی سێ منداڵە و دوو کوڕی تەمەن ٦ و ٩ساڵی هەیە کچە گەورەکەی تەمەنی ١٤ ساڵە و ماوەیەکە بە هۆی ناپاکیی هاوسەری ماڵی خۆی بەجێ هێشتووە. شادان بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات: «زیاتر لە ١٦ ساڵە لەگەڵ مێردەکەم کە زۆر بە تەمەن لە من گەورەترە دەژیم و خاوەنی سێ منداڵین، بەڵام لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەر خیانەتی لێم کردووە و منیش تەحەمولم کردووە و هەوڵم داوە، بێتە سەر ڕێی ڕاست هەتا منداڵەکانم سەرلێشێواو نەبن. چەندین جار خیانەتی مێردەکەمم بە چاوی خۆم بینیوە، تەنانەت ئەو بەقاڵەی سەری کۆڵانەکەشمان جارێکیان بە بەرچاوی چەند ئافرەتی گەڕەکەکەمان پێی گوتم مێردەکەت شەوانە دەچێتە ماڵە عەرەبەکانی گەڕەك و پەیوەندی لەگەڵ ژنەکان هەیە، زۆر کەسی تریش باسی ئەوەیان دەکرد و بەو قسانە زۆر دڵگران دەبووم و خەمم بۆ شکۆی خێزانەکەم دەخوارد، جگە لەوەش شەو ڕۆژ خەریکی مۆبایلەکەی دەستیەتی، ئەو شەوانە نایەتە ناو جێگەم و بەبیانووی تەنگەنەفەسی شەوان لە ژووری میوان دەخەوێت، دواجار ماوەیەك پێش ئێستا شەوێکیان بە هۆی ژانە سك (کیسە لەسەر هێلکەدانم دروست بووە) سەعات سێی نیوەشەو بە ئاگا هاتم و چوومە چێشتخانە بۆ ئاوهێنان تاوەکو حەبێکی ئازارشکێن بخۆم، لەناکاو گوێم لە هەناسەبڕکێی هاوسەرەکەم بوو، منیش بەپەلە ڕام کردە ژووری میوان، وامزانی مێردەکەم وەزعی تەندروستی خراپ بووە، بەڵام چیم بینی، ژنێکی ڕووتم لە باوەشی مێردەکەم بینی، منیش کردمە هات و هاوار و منداڵەکانم بەئاگاهاتن، ئەویش دەرگای لەسەر ژنەکە داخست بۆ ئەوەی منداڵەکان نەیبینن، دوای ئەوەی زۆرێکی لێدام، دەستی گرتم و بازنە زێڕەکانی لە دەستم داماڵی و من و منداڵەکانمی بەم نیوەشەوە خستە بەر دەرگا و دەرگای لێ داخستین، کوڕە بچووکەکەم کە تەمەنی شەش ساڵە لەو دیو دەرگا زیڕەی دەگەیشتە ئاسمان، بەو شەوە چووینەوە بۆ ماڵی دایکم، لەو کاتەوە تا ئێستا لە ماڵی دایکمین. من هیچ داهاتێکم نییە، باوکم نەماوە و پیرە دایکێکم هەیە، ناوێرم لای براکانیشم قسە بکەم، دەترسم ببێتە شەڕە تفەنگ، دایکم کە لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شار بەردەستە، پێم دەڵێت لای من دابنیشە من منداڵەکانت بۆ بەخێو دەکەم، ئێستاش مێردەکەم ناردوویەتی بە شوێنمدا و داوای گەڕانەوەم لێ دەکات، نازانم چی بکەم. زۆر ڕارام و ناتوانم هیچ بڕیارێك بدەم، زۆر دەترسم بڕیارێکی هەڵە بدەم، چونکە من جگە لەخۆم ئۆباڵی سێ منداڵی بێ گوناهیشم لە ئەستۆدایە، نازانم چی بکەم، دوێنێ ڕاوێژم بە پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی کرد کە لە قوتابخانەکەی بەرامبەر ماڵی دایکم توێژەرە، ئەو هیچی بۆ نەگوترا، تەنیا بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: هیچ شتێك نییە لە کەرامەت گرنگتر بێت. ئەو کاتەی پیاو جورئەتی ئەوە دەکات، حەرەمی ماڵەکەی بشکێنێ و تیایدا ڕابوێرێ، ئەو پێکەوە ژیانە هیچ مانایەکی نامێنێ. «

سەبارەت بەم کێشەیە چالاکی مافناس عیماد ئەحمەد بەمجۆرە ئامۆژگاری ئەم خاتوونە دەکات»دەبێت لە کاتێکی گونجاو قسە لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات، سەرەتا نابێت یەکسەر تۆمەتی ئاراستە بکات، بەڵکو هەندێك وەسفی شتە باشەکانی بکات، بۆ ئەوەی یەکسەر تووڕە نەبێت و کێشەکە گەورەتر نەبێت، دواتر باسی هەندێك لە هەڵسوکەوتە نەشیاوەکانی باس بکات، پێی بڵێ تۆ خاوەن خێزانی و کچت گەورە بووەو منداڵەکان هەست بە زۆر شت دەکەن، ئەگەر هەر سوودی نەبوو، وا باشترە لە ڕێگەی کەسێکی باوەڕپێکراوی نزیکی خۆیان کێشەکەی بۆ باس بکات و پیاوەکە ئامۆژگاری بکات، بەڵکو شەرم لەو کەسە بکات و قەناعەتی بێت و هەڵسوکەوتەکانی چاك بکات، هەموو مرۆڤێکیش قابیلی گۆڕانە. سەبارەت بەگرتنەبەری ڕێکاری یاساییش، ئەگەر ئەم ئافرەتە بیەوێت سکاڵای یاسایی لەدژی هاوسەرەکەی تۆمار بکات بە تۆمەتی ناپاکیی هاوسەری، ئەوا دەبێت بەڵگەی بەهێزی هەبێت و بتوانێت لە بەردەم دادوەر بیسەلمێنێت، وەك شاهیدی ڕووداو، یان گرتەی ڤیدیۆیی و کورتەنامە و پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ ئەوەی ناپاکییە هاوسەرییەکە بسەلمێنێت، یان ئافرەتەکە بناسێت و زانیاری لەسەر هەبێت کە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەی هەیە، سەبارەت بە مادەی یاسایی هیچ بڕگە و مادەیەك بە ناوی ناپاکیی هاوسەری لە یاساکانی کوردستان و عیراق نییە، بەڵام ماددەیەك هەیە بەناوی زینای زەوجی بە گوێرەی ماددەی ٣٧٧ لەیاسای سزادانی عیراقی گەر دادوەر بۆی دەرکەوت، ئەوا بە گوێرەی ئەو مادەیە دادگایی دەکرێت و هاوسەرەکەی و ئافرەتەکە دەستگیر دەکرێن. ئەگەر بیەوێت لە سکاڵاکەی خۆش بێت، ئەوا دەبێت لە هەردووکیان خۆش بێت، تەنیا خودی خۆیشی دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، لەبەر ئەوەی مافێکی کەسییە کە لە ماددەی سێی یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی هەموارکراو باس کراوە، تەنها خودی تاوانلێکراو دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، ئەویش لەسەر هەردووکیان.

دوای جیابوونەوە لە حاڵەتی سەلماندنی ناپاکیی هاوسەری ڕاستەوخۆ دەبێتە خاوەنی منداڵەکان و بژێوی مانگانەش لەسەر باوکیان دەبێت، کچەکە تا هاوسەرگیری دەکات، کوڕەکانیش تا ١٨ ساڵی، یان تا خوێندن تەواو دەکەن، دەتوانن تا سێ ساڵیش لەناو خانووەکەی بێت، ئەگەر خانووەکە موڵکی پیاوەکەی بێت، مارەییەکەشی بە پاشەکی و پێشەکییەکەیەوە بەپێی یاسا لە مێردەکەی وەردەگرێت».

**لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەر خیانەتی لێم کردووە و منیش تەحەمولم کردووە و هەوڵم داوە، بێتە سەر ڕێی ڕاست هەتا منداڵەکانم سەرلێشێواو نەبن**

**بازنە زێڕەکانی لە دەستم داماڵی و من و منداڵەکانمی بەم نیوەشەوە خستە بەر دەرگا و دەرگای لێ داخستین، کوڕە بچووکەکەم کە تەمەنی شەش ساڵە لەو دیو دەرگا زیڕەی دەگەیشتە ئاسمان**

**هیچ داهاتێکم نییە، باوکم نەماوە و پیرە دایکێکم هەیە، ناشوێرم لای براکانیشم قسە بکەم، دەترسم ببێتە شەڕە تفەنگ**

# هاوسەرگیریی پێشوەخت به‌ توندوتیژی و پێشێلكاریی مافه‌كانی منداڵ هه‌ژمار ده‌كرێت

**هاوسەرگیریی پێشوەخت واته‌ بەشوودانی كچانی منداڵ و تەمەن بچووك، هەمیشه‌ كاریگەری خراپ و نەرێنی لەسەر داهاتوویان دەبێت، بەتایبەتی كه‌ زۆربەیان دەستبەرداری خوێندن دەبن و له‌ داهاتوودا ناتوانن خاوەن داهات و ئابووریی سەربەخۆیان ببن. لەكاتێكدا له‌ رێككەوتننامەی نەتەوه‌ یەكگرتووەكان بۆ مافەكانی منداڵ كه‌ له‌ رێكەوتی (٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٩) دا دەرچووه‌، له‌ ماددەی (١٩)دا، باس له‌ پاراستنی مافەكانی منداڵ دەكات و هۆشداری دراوه‌ له‌ ئەنجامدانی هەر توندوتیژییەك به‌ هەموو جۆرەكانیەوه‌ دەرهەق به‌ منداڵان، هاوسەرگیریی پێشوەختیش به‌ جورێك له‌ توندوتیژی و پێشێلكاریی مافەكانی منداڵ هەژمار دەكرێت. ئەگەرچی له‌ كوردستاندا رێكخراوه‌ حكوومی و ناحكوومییەكان و رێكخراوەكانی پاراستنی منداڵ به‌ لۆكاڵی و نێودەوڵەتییەوه‌ رۆڵی بەرچاویان هەبووه‌ بۆ هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگه‌ له‌ زیانەكانی بەشوودانی كچانی منداڵ و رێگریكردن لەو جۆره‌ هاوسەرگیرییه‌، بەڵام لێرەو لەوێ وەكو حاڵەت كچانی خوار تەمەنی یاسایی به‌ شوو دەدرێن، زیاتریش له‌ نێو ئاوارەكان و خێزانه‌ هەژار و كەمدەرامەتەكان ئەو حاڵەتانه‌ روو دەدەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر ئەو پرسه‌ كۆمەڵایەتییه‌ تاوتوێ دەكەن.**

**گوڵان: كۆمەڵایەتی**



د. سازان محەمەد پزیشكی ئافرەتان و منداڵبوون، سەبارەت به‌ هەمان پرس دەڵێت: «ئەو كچانەی لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوه‌ هاوسەگیری دەكەن، گرفتی تەندروستی زۆریان رووبەڕوو دەبێتەوه‌، وەك: لەبارچوون و بوونی منداڵی نائاسایی و لەكاتی منداڵبووندا لەبەر ئەوەی ئێسكی حەوزیان پێ نەگەیشتووه‌، تووشی فشاری خوێن و پەركەمی پاش منداڵبوون دەبن. هەروەها دایكایەتی لەتەمەنێكی كەمدا، لەرووی دەروونییەوه‌ كاریگەری نەخوازراو لەسەر ئەو دایكانه‌ بەجێ دەهێڵێت كه‌ زوو به‌ شوو دراون و زۆربەیان تووڕه‌ و بێ ئارام دەبن. له‌ لایەكی دیكەوه‌ شووكردنی كچان لەتەمەنێكی زوو كاریگەری لەسەر نەخۆشییەكانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆكی دەبێت، زوو شووكردنی كچ له‌ رووی جەستەییەوه‌ زۆر مەترسیداره‌، چونكه‌ بەهۆی بچووكی تەمەن، منداڵبوونی دوادەكەوێت، یان ئەگەر دووگیانیش بوو، منداڵدانی به‌ باشی گەشەی نەكردووه‌، رەنگه‌ تووشی لەبارچوونی كۆرپەكەی بێت. هەروەها ئەو

بەهزاد سەلیم، مامۆستای زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «هاوسەرگیریی پێشوەختە بەتایبەتی بۆ کچان بابەتێکی باوە لە کولتووری کۆمەڵگەکانی موسلماننشیندا، کوردستانیش زۆربەی خەڵکەکەی بەشێکن لەو کۆمەڵگە موسڵمانە. هاوکات دەڵێت: «هاوسەرگیریی پێشوەختە کە بریتییە لە هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵی، کۆمەڵێك هۆکاری وەکو فاکتەرەکانی کولتووری، ئابووری، ئایینی و ناوشیاریی تاکەکەسی هەیە، ئەم دیاردەیەش لە کوردستان بە شێوەی سەرەکی بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگە لە رووی کولتوور و پابەندبوون بە بنەمای ئایینی و دابونەریتی نادروستی خەڵکی بیانی و بەتایبەتی عەرەب دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی کە ئێمە بەشێکی گرێدراوین بە کولتووری عێراقی عەرەبی. بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بنەمای زەواج بۆ هەر تاکێك بریتییە لە حەز و هەڵبژاردنی خودی کەسەکە. واتە هاوسەگیری هەڵبژاردنێکی تاکەکەسییە کە لە تەمەنی ١٨ ساڵی و تەمەنی گەورەتردا بڕیاری لە سەر دەدرێت و بە شێوەیەکی زۆرەملێ نییە و خانەوادەکان بڕیاری لە سەر نادەن.»

**هۆکارەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەشی بەتایبەتی بۆ کچان لەم چەند خاڵەدا دێستنیشان کرد:**

١. هۆکاری کولتووری: لە هەندێ کۆمەڵگە وەك کوردستان وا دەبیندرێت کە هاوسەرگیری لە تەمەنی بچووك شتێکی باشە و بەها و گرنگیی خۆی هەیە، بەتایبەتی بۆ کچان و گرنگی نادرێتە خوێندن، یان کارکردنی ژنان و مافی هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی خۆیان نییە.

٢. هۆکاری تاکەکەسی: هەندێ کەس کە بۆ جاری یەکەم دەکەونە داوی خۆشەویستی، بە شێوەیەکی زۆر قووڵ دەکەونە داوی خۆشەویستییەکەیان و بێ ئەوەی بیر لە داهاتوویان و بەرپرسیاریەتییەکانی ژیان بکەنەوە، ئەوا ئامانجیان تەنیا گەیشتنە بە خۆشەویستەکەیان و ئامادەن لە تەمەنی نایاسایی هاوسەرگیری بکەن.

٣. هۆکاری ئابووری: فشارە ئابوورییەکان بەتایبەتی لەو خێزانانەی کە هەژارن و منداڵی زۆریان هەیە، وا دەکات کە دایك و باوکەکان بیر لە زوو بەشوودانی کچەکانیان بکەنەوە بەتایبەتیش بە شوودانیان بەو پیاوانەی کە باری داراییان باشە، ئەگەرچی بەتەمەنیش بن».

کچانەی کە بە تەمەنی منداڵی شوو دەکەن، زۆر جار لە کاتی منداڵبووندا بەرگەی ژانی منداڵبوون ناگرن و دوچاری نەشتەرگەری دەبنەوە، یانیش بەسەر منداڵەوە دەچن، بۆیە زانستی پزیشکی ئەوەی دەرخستووە کە باشترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری و دووگیانبوون تەمەنی ٢٠ تا ٣٠ ساڵییە».

چالاکی مافناس تاڤگە عوسمان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە لە هەرێمی کوردستان دوای دەرچوونی یاسای ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ کارکردن بە حوکمی ماددەی یاسا عێراقییەکە راگیراوە و بەم شێوازەی لێهاتووە: هەر کەسێك ١٦ ساڵ تەمەنی تەواو کرد و داوای هاوسەرگیری کرد، دادوەر بۆی هەیە رێگەی پێ بدات، ئەگەر دەرکەوت شایستە و توانای جەستەیی هەیە، ئەمەش دوای رەزامەندی سەرپەرشتیار (وەلی ئەمر). لە لایەکی دیکەوە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ و لە ماددەی ٣٢٩ برگەی ١و٢ هاتووە: هەر کەسێك هەڵسێت بە ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەری بۆ کچێکی (ناکام) لە دەرەوەی دادگا، ئەوە سزا دەدرێت بە زیندانیکردن، یان غەرامەکردن، هەروەها بە پێی یاسای ژمارەی ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩ی عێراقی بە پشت بەستن بە ماددەی ٧ برگەی یەکەم، یەکێك لە مەرجەکانی هاوسەرگیری ئەوەیە کە دەبێت ئەهلییەتی هاوسەرگیری لە ژن و پیاودا هەبێت، واتە تەمەنی ١٨ ساڵی تەواوبێت».

چالاکی مەدەنی هونەر عەلی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت کچ و کوڕ کامل بن لە رووی تەمەن و عەقڵ و جەستە ئینجا هاوسەرگیری بکەن، کێشەکانی هاوسەگیری و پاشانیش کێشەکانی خێزان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی ترسناکە کە کێشەیەکی بەردەوامە و ناتوانین لە چوارچێوەی دیاریکراو، یان لە ماوەیەکی کاتی لە ژیانی تاکدا سنوورداری بکەین، سەرەڕای ئەوەی ئەو کەسانەی کە گرنگی بە بابەتی هاوسەرگیریی پێشوەخت دەدەن، تیشکی زۆریان خستۆتە سەر، کێشەکانی هاوسەرانی ناکامڵ زۆر جار دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەری، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر هاتوو تەمەنیان گونجاو بوو، رێزگرتن لە نێوانیان هەبوو، ئارامگرتن لە سەر کێشەکان هەبوو و کێشەی خۆیان گەورە نەکەنەوە و کەسی سێیەم ئاگادار نەکەن و خۆیان چارەسەری بکەن، ئەوا خێزانێکی بەختەوەریان لێ دەردەچێت.»

**لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا هاوسەگیری هەڵبژاردنێکی تاکەکەسییە و لە تەمەنی ١٨ ساڵی و تەمەنی گەورەتردا بڕیاری لە سەر دەدرێت و بە شێوەیەکی زۆرەملێ نییە و خانەوادەکان بڕیاری لە سەر نادەن**

**بێ ئەوەی بیر لە داهاتوویان و بەرپرسیاریەتییەکانی ژیان بکەنەوە، ئەوا ئامانجیان تەنیا گەیشتنە بە خۆشەویستەکەیان و ئامادەن لە تەمەنی نایاسایی هاوسەرگیری بکەن**

**ئەو کچانەی لەخوار تەمەنی ١٨ ساڵییەوە هاوسەگیری دەکەن، گرفتی تەندروستی زۆریان رووبەروو دەبێتەوە، وەك: لەبارچوون و بوونی منداڵی نائاسایی**

# پسپۆڕانی بواری پەروەردە هەڵسەنگاندن بۆ خولەکانی هاوینەی قوتابیان دەکەن

**سالانە لەگەڵ کۆتاییهاتنی پرۆسەی خوێندن و دەستپێکردنی پشووی هاوین چەندین خولی جۆراوجۆر وەك خولەكانی بەهێزکردن و تەواوکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ قوتابیان لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەك دەکرێتەوە، لە خولەکاندا وانەی جۆراوجۆر دەخوێندرێت و ژمارەیەکی زۆریش لە قوتابیان روو لەو ناوەندانە دەکەن، پسپۆڕانی بواری پەروەردە و خوێندنیش بەربلاویی خولەکانی بەهێزکردن و چاولێکەریی فێرخوازان بۆ بەشداریکردنێکی فراوان لەو خولانەدا، بە هۆکارێك دەزانن بۆ گرنگینەدان بە خوێندنی قوتابخانە و دابەزاندنی ئاستی فێربوون و فێرکردن بەشێوەیەکی بەرچاو لە قوتابخانەکاندا، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ بابەتەکە دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

نیاز محەمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی و مامۆستای زانکۆیە و بەمجۆرە هەڵسەنگاندن بۆ خولەکانی هاوینەی قوتابیان دەکات: «بنەماکانی دەرونزانی پێمان دەڵێن هەموو قۆناغێکی گەشەکردن بە ئاراستەی پێگەیشتن دەڕوات، واتا ئەگەر بمانەوێت ئەو زانیارییانەی منداڵ لە ماوەی ساڵی خوێندندا وەری دەگرێت، لە مێشکیدا جێگیر بێت، ئەوا پێویستی بە وەستانێك و پشوویەك دەبێت، بۆ ئەوەی زانیارییەکان هاوکاری بکات بۆ قۆناغی پێگەیشتن. یەکێك لە توێژینەوە زانستییەکان ئەوەی سەلماندووە کە کاتێك کار بە مێشك دەکرێت بە شێوازێکی رۆتین و دووبارە بووەوە، ئەوا خانەکانی مێشك لەناودەچن و کاریگەرییان کەم دەبێتەوە، واتا پێویستە بۆ چالاکبوونی مێشك لەدوای هەر شەش مانگێك دەرفەتی فێربوون و تاقیکردنەوە و شتی نوێ بۆ مێشکمان بڕەخسێنین.

**ئەگەر بمانەوێت ئەو زانیارییانەی منداڵ لە ماوەی ساڵی خوێندندا وەری دەگرێت، لە مێشکیدا جێگیر بێت، ئەوا پێویستی بە وەستانێک و پشوویەک دەبێت، بۆ ئەوەی زانیارییەکان هاوکاری بکات بۆ قۆناغی پێگەیشتن**

زۆر هەڵەیە وانەکانی خوێندنگا لە خولەکانی هاوینەدا بخوێندرێت، چونکە دووبارەبوونە و پەرتەوازەیی و بێزاری لای خوێندکار دروست دەکات و تووشی دڵەڕاوکێی دەکات، بۆیە پێویستە ئەو وانانەی لە خولەکانی هاوینەدا دەوترێنەوە، بابەتێکی نوێ بن بۆ منداڵەکە، نەك دووبارەبوونەوە بن، پێویستە خولەکانی هاوینە دەرفەت بێت بۆ چوونە ناو کۆمەڵگە لەلایەن منداڵەوە».

مەحموود عەبدولکەریم باجەلان سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، رایوایە: «لە ئێستادا پەیمانگاکان بە شێوەیەکی بێ کوالیتی و بێ بەرنامە و بە شێوەیەکی بەرچاویش زۆر بوون، زۆربەیان لەخانوو، یان جێگەی نەشیاودان بۆ پەیمانگە و کردنەوەی خول، چ لە بەر بەرتەسکی شوێن و جێگەیان، کە زۆربەیان گۆڕەپانی شیاو، یان باخچە، یان



کافیتریایەکی گونجاویان نییە، تا لە نێوبەندی وانەکان، یان لەکاتی چاوەڕوانی فێرخوازاندا تیایدا پشوو بدەن، ناچار دێنە سەر شۆستەو شەقامەکانی بەردەم پەیمانگە، هەر وەك بێ پلانی لە مەنهەج و شێوەی کاردا و هەمەجۆری خولەکان لەیەك پەیمانگادا لەهەمانکاتدا تێکەڵوپێکەڵییەکی بێ چاودێر و بێ سەرپەرشتیکردن سەرلێشێوانی فێرخوازی لێ دێتەدی، لەوەی نازانێت چۆن باشترین پەیمانگە هەڵبژێرێت، کە باشترە پەیمانگاکان پسپۆڕی و خولەکانیان سنووردار بێت. پابەندبوون بە کوالیتی تەنها کەوتووەتە سەر ویژدان و کەسەکان، بەربڵاویی خولەکانی بەهێزکردن و چاولێکەریی فێرخوازان بە بەشداریکردنێکی فراوان هۆکارێکە بۆ گرنگینەدان بە خوێندنی قوتابخانەو دابەزاندنی ئاستی فێربوون و فێرکردن بەشێوەیەکی بەرچاو لە خوێندنگەکاندا. بۆیە زۆر گرنگە لیژنەی پسپۆڕ تەرخان بکرێت بۆ بەدواداچوون لە جۆری کار و پسپۆڕییەکان و چاودێریی وردی نرخ و کەوالیتی ئەو پەیمانگە و ناوەندانە بکات کە خولەکانی بەهێزکردن و خولەکانی هاوینە دەکەنەوە.»

دوریا زکری مامۆستای قۆناغی بنەڕەتییە و سەربارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئەو خولانەی کاتی پشووی هاوینە زیاتر بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و کاری بازرگانین و کەمتر گرنگیی بە کوالیتی دەدەن، لە لایەکی دیکەوە خێزانەکان بەجۆرێك بۆ دوورخستنەوەی منداڵیان لەماڵ و سووککردنی ئەرکی خۆیان پەنا بۆ ئەو خولانە دەبەن کە لە کاتی پشووی هاویندا بۆ قوتابیان دەکرێنەوە،» گوتیشی: «ئەم خولانە جگە لە خولەکانی زمان و هونەری بابەتەکانی تری خوێندن لە کاتێك پێویستن کە ئاستی تێگەیشتنی قوتابی زۆر نزمە و پێویستی بە زۆرترین ماندووبوون و دووبارەکردنەوە هەیە. من پێم باشە ئەم سەنتەرانە بخرێنە ژێر چاودێریی پەروەردە و نرخەکان یەك نرخی جێگیر و گونجاو بن تاکو نەبێتە ناوەندێکی ماددی، بەڵکو ناوەندێکی زانستی بن بۆ بەرزکردنی ئاستی زانستیی قوتابیان و هەروەها پێویستە چاودێری و هەڵسەنگاندنی ئاستی توانای مامۆستایان بکرێت.»

تانیا جەمال بەرپرسی پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە هەموو حاڵەتێکدا خولەکان سوودی خۆی هەیە، ئەگەر لە ئامانجە سەرەکییەکەی دەرنەچێ و تەنیا بۆ دەستخستنی بڕێك پارە نەبێت و زانیارییەکانیش دروست بن و منداڵان و قوتابیان سوودی لێ وەربگرن. بەڵام ئەو خولانەی کە بۆ پێدانەوەی بابەتەکانی قوتابخانە رێك دەخرێن، هۆکارەکەی خراپ بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندنە لە قوتابخانەکان و دابەشکردنی خراپی کاتەکانە و نەبوونی متمانەی خێزانەکانە بە قوتابخانەکان کە ئەمە زۆر لەسەر سێکتەری پەروەردە دەکەوێت و نەبوونی ئەجندایەکی جددییە بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی خاوەن مەعریفە و زانیاری، ئەمەش ئاسایشی نەتەوەیی دەخاتە مەترسییەوە.» هاوکات دەڵێت: «خولی هاوینە بۆ پەرەپێدانی توانەکان و خولیای قوتابیان و کارامەییەکانی ژیان و گەشەپێدانی مرۆیی بێت، ئەوە کارێکی باشە و سوودی زۆری دەبێت و ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە کە لە کاتی دەوامی فەرمیی کاتی گونجاو بۆ ئەو بابەتانە دابین نەکراوە، بەڵام کاتێك هەمان مەنهەج و پرۆگرام دەخوێنن، ئەوە شك و گومانی زیاتر دەخاتە سەر پرۆسەی خوێندن لە وەرزی خوێندندا، لەبەر ئەوە من بە باشی نازانم کە قوتابی لە وەرزی خوێندن و لە وەرزی پشوو هەر خەریکی خوێندن بێت، لەبەر ئەوە باشترین کار ئەوەیە وەزارەتی پەروەردە چاوێك بە پرۆسەکەدا بخشێنێتەوە و کاتەکانی خوێندن رێکبخات و پشوی هاوین کەم بکاتەوە و پشووی کاتی لە وەرزی خوێندن زیاد بکرێت و زۆر کاری دیکەش هەیە کە پێویستە بکرێت».

**ئەگەر بمانەوێت ئەو زانیارییانەی منداڵ لە ماوەی ساڵی خوێندندا وەری دەگرێت، لە مێشکیدا جێگیر بێت، ئەوا پێویستی بە وەستانێك و پشوویەک دەبێت، بۆ ئەوەی زانیارییەکان هاوکاری بکات بۆ قۆناغی پێگەیشتن**

**بەربڵاویی خولەکانی بەهێزکردن و چاولێکەریی فێرخوازان بە بەشداریکردنێکی فراوان هۆکارێکە بۆ گرنگینەدان بە خوێندنی قوتابخانەو دابەزاندنی ئاستی فێربوون**

**ئەو خولانەی کاتی پشووی هاوینە زیاتر بۆ بەرژەوەندیی شەخسی و کاری بازرگانین و کەمتر گرنگیی بە کوالیتی دەدەن**

